# بارودۆخی

# پەنابەری کورد

# لە بریتانیا

ئەنوەر سوڵتانی

*"ئەم وتارەم لە ساڵی٢٠٠٩ دا نووسی وبە ناوی خوازراوەی 'عەبدوڵڵا ئەحمەد'، لە ڕێگەی برادەرێکی خۆشەویستەوە ناردم بۆ ڕۆژنامەی ئاسۆی چاپی سلێمانی، ئەوانیش کردیانە پاشکۆی گۆڤاری 'هەفتانە'ی ژمارە ٣٤ (٢٢ تا ٢٨ فیبریوەری ٢٠٠٩)ی ڕۆژنامەکە و لە لاپەڕە ١٨ تا ٢٢ دا چاپیان کرد. ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر هەمان ئەو دەقەیە کە ڕۆژین کراوە.*

*بە داخەوە بارودۆخی پەنابەری کورد لە ماوەی ٩ ساڵی دوای نووسرانی بابەتەکە تا ئەمڕۆ، زیاتر بەرەو خراپی چووە و سەپێچی لە یاسا گەلێک لە زیادەی داوە، بە شێوەیەک کە پێویست دەکات لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسانە و لەوە زیاتریشی لە سەر بکرێت و لە سەرچاوەی ئەو هەموو موخالەفەیە بکۆڵرێتەوە کە بۆتە بەشێک لە "نۆرم" و ڕەوتی ئاسایی زۆرێک لە پەنابەرانی کورد لە بریتانیا بەتایبەت ئەو کەسانەی وا لە باشووری کوردستانەوە دێنە ئێرە؛ دوور نییە لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپاشدا مەسەلەکە زۆر یان کەم، بە هەمان شێوە بێت. بۆ نموونە، هەروا دوو هەفتە پێش ئێستا ڕۆژنامەکان بە تایتڵێکی سەرەکی نووسییان "دووهەم عەمەلیاتی مەزنی دژی سەرپێچیکەرانی قانوون لە بریتانیا بەڕێوەچوو و تێیدا ٢١ کورد گیران". لەو چەشنە هەواڵانە لە بەرنامەی مانگانەی "چاوەدێریی تاوان"ی تەلەفیزیۆنی بی بی سیشدا کەم نین.* ٢٠١٨/٠٢/١٦

نەخوێندەوار، شوان، چەقۆکێش، قاچاچی، دواکەوتوو، ژنکوژ، کچ خەتەنەکەر!

ئایا ئێمە ئەوەین؟ گەلۆ کورد ئەوەیە ودەیەوێت وا بناسرێت؟ لەمن بپرسن، نا! بەڵام ئایا لەو ئەورووپیانە بپرسی کە لە پەیوەندی پەنابەری کورددان، ئەوان وەڵامیان وەک من دەبێت؟

هەموو یا زۆربەی زۆری ئەو پەنابەرانەی وا لەم ساڵانەی دواییدا دەگەنە ئەورووپا بۆ ئەوەی بەخەیاڵی خۆیان بەختی پەنابەربوون و وەرگیرانیان هەبێت، خۆیان بەشوان و نەخوێندەوار دەناسێنن بەتایبەت ئەوانەی وا خۆ بەکوردی ئێران دەناسێنن.

من ئێستا ماوەی ٢١ ساڵە وەك وەرگێڕ یان فەرمانبەری پەیوەندیدار بەکاروباری پەنابەران، ئاگاداری ڕەوتی ڕۆژانەی کاری پەنابەرانی کورد لە بریتانیام و لەنزیکەوە پەنابەر و فەرمانبەرانی بەرپرسی پەنابەران، هەروەها پارێزەر، دکتۆر، دادگا، پۆلیس، بە تایبەت دائیرەی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان (سۆشیاڵ سرڤیس) و بەگشتیی ئەو خەڵکانە دەناسم کە پەنابەران ڕێگەیان دەکەوێتە لایان و لە دەیان

زیندانی ئەم وڵاتە دا سەردانی زیندانی کوردم کردووە، وا هەیە بەهەڵکەوت لەکۆلێج و قوتابخانەش کوردم تاکو تەرا بنیبێت!

ماوەی دووساڵێك دەبێت بەتەمام بابەتێك لەسەر رەوتی نالەباری کاری پەنابەرانی کورد و رەوشی نالەبارتری هەندێکیان بنووسم و لەچاپەمەنیەکانی ناوخۆی وڵاتدا بڵاوی بکەمەوە بەو هیوایەی شوێنێکی کەمیش بێت لەسەر ئەو ڕەوتە نابەجێیە دابنێت کە لە ئەنجامی نەزانی و تێنەگەیشتویی هەندێك کەس، چاولێکەری هەندێکی تر و تاوانکاری تاقمێکی کەمی قاچاخچی و دزو چەتەی سەر رێگەی هاتنی کورد لە تورکیا و یۆنانەوە تا کالاسی سەر سنوری فەرەنسا و بەریتانیا ـ بەداخەوە وەك قوتابخانەیەکی پەروەردە، هەندێك مندال و لاوی کورد فێری درۆ و فێڵ و چەقۆ وەشاندن و دزی دەکەن ـ کە ئەو رەوتە دوای گەیشتنە شوێنی کۆتایی واتە بریتانیاش، درێژە پەیدا دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی لاوانی کورد لەجیاتی قوتابخانە و کۆلێج، سەر لەپۆلیسخانە و دادگا و زیندان دەربهێنن یا تووشی نەخۆشی دەروونی بن و نیزامی ژیانی ئاساییان بشێوێت. لە کاتێکدا ڕەوتی کاری پەنابەری گەلێک ساکارترە لەو ئاڵۆزی و کێشەیەی کە تووشی لاوانی کەم تەمەن و تازە لە ماڵ دەرهاتووی کورد دەبێت.

لە نووسنی ئەم دێڕانەدا هیچ ئامانجێکم نییە جگە لە وشیارکردنەوەی بنەماڵەکان و ئەو کەسانەش وا بەبێ شارەزایی پێویسَت کۆڵی سەفەر دەپێچنەوە و دەکەونە رێگای وڵاتانی ئەوروپی. بەم قسانە، نەدەمەوێت بەرگری لە پەنابەر بوونی کەس بکەم و نە دەمەوێت هانیان بەرەو ئەو کارە بدەم. ئەرکی من گەلێك لەوانە ساکارترە و تەنیا دەمەوێت هەندێك راستەقینەی ژیان لە ئەوروپا و هەڵسوکەوتی گەنجە کوردەکان لێرە، بۆ رێبوارانی دوا رۆژی ئەو رێگایە روون بکەمەوە بەوهیوایەی کەسانێك کەدواتر دەگەنە ئەم لایانە، زیاترشارەزای کارەکان بن و لەو مەترسییانە دوربکەونەوە کە لەسەر رێگایان دانراون و ئەگەر بە نەشارەزایی پێیان لەسەر دابنێن، وەك "مین "ێکی کۆمەڵایەتی دەتەقێنەوە ولانکەم لەسەر رێگەی راستیان لادەدەن و دەیانخەنە ناو کوێرە رێی یاسا شکێنی و تێکگیران لەگەڵ پۆلیس و دادگا و دورکەوتنەوە لەخوێندن و پێگەیشتن لە لایەک و ناوزڕاندنی گەلەکەمان لە لایەکیتر. ئەو ڕێبازە ڕاستە لێرە بۆ هەموو کەس ئامادەیە بەڵام بەداخەوە کورد بەلایدا ناچێت و سوودی لـێ وەرناگرێت.

**سەرنجەکانم**

با پێش هەمووشت، بینینەکانی خۆم واتە ئەوشتانە باس بکەم کە بەچاوی سەر بینیومن (ڕووی قسەی من لێرەدا لە پیاوان و کوڕانە کە زوربەی هەرە زۆری پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا پێک دێنن. کچانی پەنابەری کورد وەک کچانی ناوخۆی وڵات، مەزڵووم و خانەنشین و دوور لەو کارە چەپەڵ و ناحەزانەن):

١ـ من بۆ کێشەی ٣ پیاوکوژی کورد، وەك وەرگێڕ ئامادەی دادگا بووم.

٢ـ بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە ٢ پیاوکوژیم لەماڵەوە وەرگێڕاوە.

٣ـ لەدادگایی ٢ دزیکردن بەچەکی گەرمدا بەشدار بووم.

٤ـ چەقۆکێشان، بەچەقۆ لەخەڵکدان، یان بەچەقۆ هەڕەشە لەخەڵك کردن بۆمن بۆتە کەیسی ڕۆژانە و ژمارەی کەیسی ئەوتۆ کە بەشێوەیەك لەشێوەکان بە وەرگێڕیی دادگا، زیندان و پۆلیس و پارێزەر هەروەها بە وەرگێڕانی بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بەم کارانە، ئاگاداریان بوومەتەوە، ژمارەیان لەدەیان زیاترە و بێگومان دەبێ وەك "سەدان" حیسابیان بۆ بکەم.

٥ـ دەرمانکێشان، دەرمان کڕین و دەرمان فرۆشتن وێدەچێت بەڵایەکی گەورەبێت کە داوێنی گەلێك لاوی کوردی گرتۆتەوە. لەم بوارەشدا کارم کەم نەکردووە لەرێگەی دادگا و پۆلیس و دکتۆری دەروونی و خەستەخانە و "فەرمانبەری کۆمەڵایەتی "یەوە لەگەڵ گەلێك کورەلاوی کورد ڕووبەڕوو بوومەوەتەوە.

٦ـ تووڕەیی و هەڵچوونی نابەجێ و شەڕو کێشەی کورد لەگەڵ کورد و غەیرە کوردیش ژمارەیان زۆرە و لە گەلێک کەیسی ئەوتۆ ئاگادارم، کە هەندێك جار گەیوەتە هۆی لووت شکان و کەمئەندامێتی کەسان و زیان گەیاندن بە کەرەسەی ماڵ و سەیارە و چوونە زیندانی خەڵکەکە و تەنانەت کوشت و بڕیش.

٧. شەڕ و کێشەی ناوماڵ و ئازاردانی هاوسەریش یەک لە نکێشە سەرەکییەکانی ئەو کوردانەیە وا بە پەنابەری وەرگیراون و تایبەتمەندییەکەی بێ مافیی ژن و زاڵبوونی پیاوانە لە ژیانی بنەماڵەییدا.

٨ـ دەستدرێژی بەزۆر بۆسەر کچان و ژنان زۆرە و ئەوەش سەرەڕای ئەو راستییەی کە کچانی ژوور تەمەنی 16 ساڵان بۆ هەڵبژاردنی هاوڕێ و پەیوەندی جنسی سەربەخۆن و ئەگەر خووی توند و ملهوڕی و بەکەم زانینی ژنان لێبگەرێت و ئەم چەشنە پەیوەندییانە بەرێبازی باو و ئاسایدا بڕوات، پەنابەری کوردیش بۆ دەستەبەر کردنی هاوڕێ تووشی هیچ تەنگژە و کێشەیەك نابن، بەڵام ئەو ڕوانگە نابەجێیەو سەیری ژنکردن وەك کەرەسەی سێکس، هەندێك گەنجی کورد دەگەێنێتە دۆخی نزیکبوونەوە لە ژنانی لەشفرۆش و تەنانەت ستەم لێکردنی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتیە مەزلومە، کە نیزامی چەپەڵی کۆمەڵایەتی رۆژئاوا وای لێکردوون تەنانەت ئەگەر زوڵمیشیان لێ بکرێت نەنوێرن بچن بۆلای پۆلیس و سکاڵا پێشکەش بکەن. پیاو و سیستمی کاری پۆلیس پێکەوە دەستیان داوەتە دەست یەك و ئەو قوربانییانەی کۆمەڵیان خستۆتە بارودۆخێکەوە کەوا هەیە زیاد لەهەموو گروپێکی کۆمەڵایەتی وڵاتانی رۆژئاوا ستەمیان لـێ بکرێت. پێشێلکردنی مافی ئەو قوربانیانە لەکورد ناوەشێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەرمن لەدادگای دەیان کورددا بەشداریم کردووە کە بەو تۆمەتە دادگایی کراون و ئەوە جێگەی داخە.

٩-چۆنیەتی هەڵبژاردنی هاوڕێی کچ لە لایەن پەنابەرانی کوردەوە بە شێوەیەکە کە نە لە ئەخلاق و نە لە ڕابردوو و نە لە بنەماڵەیان دەکۆڵنەوە. هەندێک (دیارە نەک هەموو) ئەو کچانەی وا لەگەڵ پەنابەری کورددا دەبن بە دۆست یان مێردیان پێدەکەن، بنەماڵەیەکی خاوەن ڕێزیان نییە و خۆیشیان کەمتر واهەیە دوای قوتابخانە، خوێندنێکی زۆریان کردبێت. هەندێکیان دەرمانخۆر و تەڵەکەباز و ناڕاستن و زۆر واهەیە لە هاوڕێی پێشوویان منداڵیان هەیە و دوای منداڵێک و دوان لە پەنابەری کورد لێیان جیا دەبنەوە و چارەنووسی منداڵ لە تاریکیدا دەمێنێتەوە یان باوکەکە مەجبوور دەبێت دوای جیابوونەوەش بەرپرسیایەتی منداڵ و بەخێوکردنی بگرێتە ئەستۆ.

١٠ـ فرۆشتنی جگەرەی قاچاخ لەناو کوردی دانیشتوی لەندەن و شارەکانی دیکەی بەریتانیادا بۆتە کارێکی ئاسایی رۆژانە، بۆ نموونە، لەو دەیان جگەرە فرۆشەی "هۆلێوەی رۆد " لەباکوری لەندەن، تەنانەت یەك کەسیان نییە کورد نەبێت و خەڵکی باشووری کوردستانیش نەبێت. کێشەی ئەو قاچاخچیانە لەگەڵ پۆلیس و دووکاندارانی خۆجێ یی، کاری رۆژانەو سەعات بەسەعاتەو لەراستیدا سومعە و ناوی کوردی لەناو خەڵکی ناوچەکەدا گەیاندۆتە نزمترین پلە.

١١ـ وا هەیە کێشەی شۆفێری و لێخوڕینی سەیارە، گشتیترین کێشەی دامودەزگا حکومیەکان بێت لەپەیوەندی کوردانی دانیشتووی بەریتانیادا کە بەشێکیان بە بێ ئیجازە و هەندێک جار بە بێ دڵنیایی (ئینشوڕەنس) و... سەیارە لێدەخوڕن. کڕینی ترومبیل لەم وڵاتە، هاسان و هەرزانە بەڵام خەرجی ڕاگرتن و بەڕێوەبردنی گەلێك زۆرە. زۆر کوردی گەنج کاتێ دەگەنە ئێرە، پێش ئەوەی ئیجازەی لێخوڕین

دەستەبەر بکەن و پارەی ئینشۆرەش و باجی رێگاوبان بدەن، هەڵدەکوتنە سەر ترومبێل کرین، بەڵام درەنگ یا زوو خۆیان لە پۆلیسخانە دەبیننەوە و قەراری قورس و غەرامەی زۆریان بەسەردا دەسەپێت.

لەم کارە و لەهەموو یاسا شکێنیەکانی دیکەشدا، گەنجە کوردەکان بەو راستیە نازانن کە قەراری دادگا تەنانەت ئەگەر بۆ تاقە رۆژێك زیندانیش بێت، یاخوود بۆ قەرەبوویەکی کەمی پارە، دیسان بۆ هەمیشە لەفایلی پۆلیس و دادگادا دەمێنێتەوەو هەرگیز پاك نابێتەوە. ئەم مەسەلەیە لەساڵانی دواتردا دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم ژیانی سەرفرازانەیاندا و هەرکاتێك بیانەوێت وەك فەرمانبەر لەشوێنێك دابمەزرێن، یا ماڵ بکرن و ئینشۆرەنسی شوقەیەك دەربکەن یاخود هەندێك ئیش وکاری گرنگ وەك مامۆستایەتی قوتابخانە وەربگرن، ئەو پێشینە خراپە لەبەردەمیان قوت دەبێتەوە و ناتوانن بەڵگەی "پێشینە پاکی" - کە بۆ ئەو ئیش و کارانە پێویستە، دەستەبەر بکەن (جا ئیتر باسی ئیش وکاری گرنگترو بۆ نموونە، ئەندامێتی حزب و چوونە ناو سیاسەتەوە هەر نەکەین، کە بۆ کەسێکی پێشینەدار بەهیچ شێوەیەك گونجاو نابێت).

١٢-بەهۆی دیعایەی شوانی و نەخوێندەواری و هەژاری و بە ئامانجی ئەوەی پرسیاری کەمتریان لێ بکرێت، زۆرێک لە پەنابەران خۆیان وەک کەسانی گوندی و نەخوێندەوار و دوور لە شارسانیەت پیشان دەدەن، بۆ نموونە دەڵێن هەرگیز فلچەمان لە ددان نەداوە، چاومان بە شار نەکەوتووە، دوکتۆرمان نەبینیوە، تەلەفیزیۆن نازانین چییە، بۆ هیچ نەخۆشییەک نەکوتراوین، ژماردن تەنیا لە ١ تا ١٠ دەزانین، ئیمزامان نییە، جلشۆری کارەبامان نەدیتووە، بە گەسکی کارەبایی نازانین ئیش بکەین و...

لەو نمونانەی سەرەوە تێدەگەین کە چەندە مەترسی لەسەر رێگەی لاوانی کورد لەدەرەوەی وڵاتدا هەیە و چۆن بەشێکی زۆر لەو لاوانە بەنەزانی و تێنەگەیشتوویی یاخود بەهۆی کەللە رەقی و بێ دەربەستی و نەناسینی ژینگە و کۆمەڵگەی ئەوروپاوە، ژیانی ئەمڕۆ و بەختەوەری دوا رۆژی خۆیان و کەسوکاریان دەفەوتێنن و لەژوور هەموو ئەو دیاردە تاکە کەسیانەشەوە، روخسارێکی ناحەز بۆ کورد دەخوڵقێنن کە نەك هەریارمەتییەك بەکێشەی کوردو مافەکانی نادات، بەڵکو پەسندێك دەبێت بۆ تورك و عەرەب و ئێرانی کە بەسوکی سەیری کورد دەکەن. ئەوان بەداخەوە لێرە لە ئەوروپایش هەر خاوەن دەسەڵاتن و گەلێك لەلاوەکانمان لەدوکان و کارگە و کارخانەی هەر ئەو تورك و عەرەب و ئێرانیانە ئیش دەکەن کە بەتایبەت لە بریتانیا گەلێك زۆرن.

بەشێکی تر لەوانەی وا خاوەن ئیشن و لاوانی کورد کاریان بۆ دەکەن، پاکستانی و بەنگلادیشین، لەنێو ئەواندا دیاردەی رادیکالیسمی ئاینی بەهێز و بەرچاوە و کەم نین ئەو کوردانەش کە دەکەونە داوی ئەو رادیکالیسمەوە و لەئەنجامدا سەرلە فەندەمێنتالیسم دەردەهێنن و رێکخراوەی تیرۆریستی وەک تاڵبان و داعش سوودیان لـێ وەردەگرن. ئەو گەنجانە، لەژێر کارتێکەریی دیعایە وتەبلیغاتی ئەواندا خۆیان لەکۆمەڵگای وڵاتانی خانەخوێ و یەك لەوانە، بریتانیا و خەڵکەکەی جیا دەکەنەوە و بەچاوی دوژمن سەیریان دەکەن، کە ئاشکرایە کارێکی مەترسیدارە و بەداخەوە شەڕی عیراق و ئەفغانستان و سووریا، بە تایبەت شەڕی ئەم چەندساڵەی دوایی داعش ئاگری ئەو قین و رقە خۆشتریشدەکات. هەتا کورد لە بریتانیا بەرەو خوێندن و سەربەخۆیی بۆچوون و هەڵوێست نەڕۆن، بەهۆی لاوازبوونی باری ئابووری و مەجبور بوون بەکارکردن لەبەردەستی وەستای بێ مێشك و دواکەوتوودا، مەترسی کارتێکران و شوێن هەڵگرتنی خەڵکانی خراپ لەسەر رێگەیان لاناچێت.

من، وەك سەرەتا باسم کرد، نامەوێت خۆم لەشوێنی راوێژکارو رێنمونیکار دابنێم و بەکەسێك بڵێم چی بکات و چی نەکات. ئەوەی دەمەوێت بیکەم تەنیا ئاگادار کردنەوەی لاوان و بنەماڵەکەیانە لەو مەترسیانەی وا لەسەر رێگەیان قوت بۆتەوەو ئەگەر خۆی لـێ لانەدەن واهەیە تووشی ئەنجامی خراپ بن.

بەداخەوە لاوەکانمان پێش وەرێکەوتن و بەرەو ئەوروپا هاتن، بیر لەکارەکە ناکەنەوە و تەنانەت کە یسێکی باشی پەنابەرییان نیە. لە ئەنجامدا، کاتی گەیشتنە ناو وڵاتی خانەخوێ، بەپەلەپەل تەلەفون بۆ خزمێك، ناسیاوێکیان دەکەن و بە چەند خولەک کەیسیان لێ دەپرسن. زوربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەش کەپرسیاریان لێ دەکرێت، خزم بن یان دۆست و برادەر، لەخۆیان ناشارەزا ترن و تەنیا فێری درۆ دەلەسە و قسەی بێ جێیان دەکەن: بڵێین نەخوێندەوارین، بڵێین شوان بووین، بڵێین دایك و باوك و خوشك و براو مام و خاڵ و پلك و پوورمان هەمووی مردوون، دانیشتووی گوندێکی بچووك بووین، شارمان بەچاو نەبینیوە، تەلەفزیۆنێکمان نەبووە، تەلەفونمان نەبووە، کارەبامان نەبووە، قوتابخانە لەگوندەکەماندا نەبووە، کەس ناناسین، لێرە خزممان نییە و دەیان درۆی هاوچەشنی تر.

کورەلاوی هەژاریش بەتەمای ئەوەی حکومەتی بەریتانیا دایدەنێت و داوای لێ دەکات وەك تووتی نەقڵە ئامادەکراوەکە بگێڕێتەوە، جگە لە دووپات کردنەوەی ئەو قسانە، هیچ ئامادەییەك لەخۆیدا پێك ناهێنێت و هەر لەیەکەم پرسیارەکانی کاتی چاوپێکەوتندا دەیدۆڕێنێت.

لەلایەکی ترەوە، ئەوکەیسانەی وا خەڵکانی تر پێی دەڵێن سەدانجار دووپات بۆتەوەو هەموو بەرپرسانی کاروباری پەنابەریی لێی شارەزان؛ شێوەی باسکردن و راگەیاندنی بابەتەکانیش نابەجی و ساویلکانەیە وەك ئەوەی بیسەر و فەرمانبەر مێشکی لە کەللەدا نەبێت و نەتوانێت هەڵسەنگاندنی رووداوەکان بکات. لەکاتێکدا زۆربەی زۆری فەرمانبەرانی بەشی پەنابەری گوێ بیسی ئەو کەیسانە بوون و دەیانناسنەوەو دەزانن درۆن، لەبەرئەوەی سەدانجار دووپات بوونەتەوەو ئەوانیش ئەزمونێکی باشیان لەوچەشنە کاروبارەدا هەیە و جیا لەوەش، لە ڕێگەی ئینترنێتەوە دەتوانن زانیاری پێویست لەسەر هەمان ئەو دیعایانە وەدەست بێنن و ڕاست و چەوتییەکەی ئاشکرا بکەن.

ژیانی کورد و کێشەی سیاسی پارچەکانی کوردستان بەشێوەیەکە کە هەموو تاکە کەسێك دەیان کارەساتی ناخۆشی لەدەوروبەری خۆی بینیوە و لەناو بنەماڵە و کەس و کار و دۆست و برادەر و دراوسێ ماڵی خۆیدا بەچاوی کردووە، واتە هیچ کوردێك پێویست ناکات کەیسی تەزویرو دەستکرد بخوڵقێنێت یا نەقڵ و حیکایەتی سەمەرە دروست بکات، رووداوی رۆژانەی کوردستان و کێشە و هەرای داعش و حکومەتی ناوەندی، جیاوازیدا نان و هەڵاواردن، بێ مافی و زوڵم و زۆر، کێشەی چینایەتی و ئاینی و سیاسی لەهەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت لەباشوور ئەوەندە زۆرن کە پێویست بە درۆ هەڵبەستن و کەیسی تەزویر دروستکردن ئەویش لەلایەن خزم و کەسوکاری ناشارەزاوە نەکات. پەنابەر پێش ئەوەی جانتای سەفەر ببەستێت، دەبێ ماوەیەك دابنیشێت و بیر لەو هۆکارانە بکاتەوە کە بونەتە هۆی بەجێهێشتنی وڵاتەکەی و یەك لەوانەش ئاراستەی داموەزگا پەنابەرییەکانی ئەوروپا بکات، نەك ئەوەی بەدرۆ کەیس بۆخۆی بخوڵقێنێت و سەر لەخۆی و فەرمانبەرانی حکومەتەکانی ئەوروپاش بشێوێنێت.

ئەو نازانێت کە ئەو دۆرۆیانەی وا لەسەرەتاوە ئاراستەیان دەکات لەسەری دەبن بەماڵ و لەدرێژەی ژیانیدا لەئەوروپا، مەجبور دەبێت بەگوێرەی هەمان ئەو درۆیانە هەڵس و کەوت و ژیان بکات و لەئەنجامدا دەبێتە مرۆڤێك بەکەسایەتیەکی درۆیینەوە و ئەو کەسایەتیە تەزویرە شوێن لەسەر رۆح و گیانی دادەنێت و دەیکاتە مرۆڤێك کەپێش هەمووکەس لەگەڵ خۆیدا ناراستە، ئینجا لەگەڵ کۆمەڵگاو ژینگەی دەوروبەری. بۆ نموونە، ئەگەر دەڵێ نەخوێندەوارم، تا ساڵانێکی دوور ودرێژ وەک نەخوێندەوار تەعامول دەکات یان ئەگەر دەڵێ خزم و کەوس و کارم لە بەریتانیا نییە، ئیتر ناتوانێت بە هاسانی شوێنی ژیانی خۆی بەجێ بهێڵێت و بچێتە ماڵی کەس وکارەکەی خۆی (ئەوە بەتایبەت کێشە بۆ کەسانێک دەخوڵقێنێت کە دەڵێن تەمەنم لە ١٨ کەمترە).

ئەوەش درۆیەکی گەورەیە کە بە هەمندێک کەس دەگوترێت لە ئەوروپا پەنابەرەتی بەکەیسی ساختە دەدرێت! یاخود لای کەم ئەگەر بۆ هەندێك گەل و وڵات راست بێت، بۆ کورد وا نییە. ژیانی کورد واتای راستەقینەی ئەوشتەیە کەپێی دەگوترێت "تراجیدیا" و پەنابەری کورد بۆ وەرگرتنی پەنابەرێتی پێویستی بە ئەفراندنی "تراجیدیای درۆیین" نییە!

ئێستا، کە دەستنیشانی نەخۆشییەکانمان کرد، با ئاورێك لە هۆکار و چارەسەرەکانیش بدەینەوە.

**هۆکارەکان**

**ئا. هۆکاری ناوخۆیی:** هیچ دیاردەیەك بەرەو هیچ کردارێك ناڕوات ئەگەر لەخۆیدا گونجاویی و توانای ئەنجامی ئەو کردارەی نەبێت. بەرد هەرگیز ناتوانێ لە شوێنی خۆی بجووڵێتەوە لەبەرئەوەی لە ئەتۆم و مولیکولی بەردا توانای جووڵانەوەی نییە. ڕوانینێك بەراوردی سی- چل ساڵەی پەنابەرانی کورد لە بریتانیادا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت: تاقمی پەنابەرانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بریتی بوون لە خەڵکانی خاوەن بڕوای سیاسی، کە لە ڕاستیدا بە ئازاری کۆمەڵ و گەلەکەیانەوە دەیانناڵاند و لە خەمی بەختەوەریی گەلی کورددابوون، نەك رابواردنی ناو دیسکۆ و نادی و پارەکۆکردنەوە و ترومبێل کڕین. مامۆستایانی وەك برایم ئەحمەد و محەمەد رەسوڵ هاوار و ئەحمەد هەردی دەیانویست دەنگی مەزڵوومیەتی کورد بە عالەم بگەێنن و لە بیری دامەزراندنی ڕێکخراوەی پێویست بۆ ئەم کارە و دەرکردنی گۆڤار و چاپی کتێبدا بوون و هەرگیز ڕێگەیان نەدەکەوتە پۆلیسخانە و دادگا و ناویان لە ڕۆژنامەی بێ نرخی وەك "سان " و "دەیلی مەیل "دا نەدەزرا.

بەشێك لەو کوردانەی ئێستا دەگەنە ئێرە، توونی هیچ شتێك نین جگە لە دۆلار و لیرە و ئەوەش بێگومان دوای رەوی 1991 و بە تایبەت شەڕی نگریسی ناوخۆیی سەری هەڵداوە و بە هۆی بشێوی و ئاڵۆزیی شەڕ لەگەڵ داعشەوە پەرەی سەندووە. ئێستاش دەبێ چاوەڕوان بین بزانین لە بارودۆخی خراپی ئابووریی دوای گشتپرسییەکەی پایزی ٢٠١٧ و گوشاری داگیرکەرانی خاکی کورد بۆ سەر خەڵک چی دێتە پێشێ.

بایەخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چیتر نرخیان نەماوە و جێگەی خۆیان داوە بە چاوچنۆکی و پارە پەرستی. ئەو گەنجەی دەگاتە ئێرە، پێ دەنێتە جێ پێی خاڵ و مام و ئامۆزا و پوورزاکانی، کە ئەوانیش وەك خۆی وان؛ یا دەچێتە ناوچەیەکی وەك بیرمینگهام و هۆڵ، کە تان و پۆی کۆمەڵگای کورد لەو شوێنانە بە دیاردەی ناحەزی دژی یاسا چنراوە و دوای ماوەیەك شەپۆلی خراپەکاری ئەویش دەبات و دەیکاتە بەشێك لەو تەوژمە بەهێزە.

**ب. هۆکاری دەروونی:** هۆکارێکی دەروونی وا هەیە ئەوەبێت زۆرێك لەو گەنجانەی دێنە ئێرە، لە ماڵەوە ئامادەیی پێویستیان تێدا دروست ناکرێت و کاتێ لەسەر ڕێگەی هاتنە ئێرە دەگەنە یۆنان، توانای بەربەرەکانی کردن و ڕاوەستان لەبەرانبەر سوپای بێ هەژماری قاچاخچی و خراپەکار و دزی کورد و غەیرەکوردیان نییە و دەکەونە بەردەستی بێ بەزەیی ئەوان کە هیچ شتێك جگە لە ڕووتاندەوە و تەڵەکە و تەنانەت دەستدرێژی دارایی و ناموسی نازانن. زۆرێکیان هەرلەوێ تووشی شکانی کەسایەتی دێن و شان بۆ خراپەکاری و کردەوەی دژ بە کۆمەڵگا دادەنەوێنن. هەر ئەو لاوانەی وا لەماڵی خۆیاندا خوێندەوار و یاریدەدەر و دڵسۆزی کەسوکاریانن و تەنانەت هەندێکیان تێکەڵاوی کاری حزبی و سیاسین، لە ڕێگا و

پێش گەیشتنە بریتانیا ئامادەیی تاوانکاری و موخالەفەیان تێدا دروست دەبێت و لێرەش لە ژینگەی نالەباری ژیان لە هەندێک شار و ناوچەی وەك بیرمینگهام، دەستیان تێکەڵاوی قاچاخ و دزی و چەقۆکێشان دەبێت.

دیارە هەر لێرەدا دەبێ بڵێم کە ئەو خاڵانە و ئەو دڵنیگەرانیانە هەموو کەس ناگرنەوە و زۆرن ئەو خەڵکانەی وا بە شەرافەت و سەربەرزییەوە دەژین و بە ساڵیان لەم وڵاتەدا ماونەتەوە بەبێ ئەوەی تێکەڵاوی کێشە و هەرایەك بووبێتن، واتە ئەم تێڕوانینانە، گشتیی و هەمەگیرنین و ناشتوانن ببن. نیاز لەم قسانەش درکاندنی دەردێکی گران و دراندنی کوانێکی پڕ چڵك و خوێنە، کە لێرە لەشی کۆمەڵگاکەمانی داگرتووە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت، وا هەیە تەشەنە بکات و ئەندامەکانی تریش بگرێتەوە. بەم کارەم نامەوێت مۆرکی خراپ لەسەرجەمی کۆمەڵگایەك بدەم کەبە زەحمەت و کار و ماندوویی و سەرفرازی خۆی بەڕێوە دەبات و منیش بەشێکم لێی و شانازی بەوە دەکەم کە ئەندامێکیم. ئەوەی جێگەی باسی منە، کەمایەتییەکە لەناو سەرجەمی کۆمەڵگاکەدا کە بەداخەوە سەرلێ شێواو و ڕێگە ونکردووە و ژمارەشی ئەوەندە کەم نییە کە نەبینرێت و حیسابی بۆ نەکرێت، بەڵکو لەچاو موخالەفەکارانی گەلانی هاوچەشن واتە عەرەب و تورك و ئێرانی و ئەفغانی، گەلێك زۆرن، بەشێوەیەك کە نزیکەی هەموو زیندان و پۆلیسخانەیەك ڕاگەیاندنە گشتییەکانیان ئەگەر بە چەند زمانێك بنووسن، بە دڵنیایی یەکێیان کوردی دەبێت و من خۆم گەلێك لەو ڕاگەیاندنانەم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، لە کاتێکدا کەمتریان بە عەرەبی یا فارسی تەرجەمە دەکرێن و ئەوەش سەرەڕای ژمارەی زۆری عەرەب و ئێرانی دانیشتووی بریتانیایە کە بەچەند قات لە کورد زیاترن.

ئەم قسانە بۆ پاراستنی سومعەی کورد و بەرگری لە زڕانی زیاتری ناوی دەکەم و هیوادارم بە هەمان ڕۆحەوە لەلایەن خوێنەرەوە وەربگیرێت و چرایەکی ڕوونکرەوەی ڕێگاش بێت بۆ ئەو کەسانەی وا لە دوارۆژدا بە تەمان بێن بۆ ئەوروپا و بە تایبەت بۆ بریتانیا. گرنگە کەسەکە بزانێت چی دەوێت، دەچێتە کوێ، ڕووبەڕووی کێ دەبێتەوە، چی لێ دەپرسرێت و چ چەشنە ژیانێکی دەبێت، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە بکات. بەبێ ئامادەکارییەکی ئەوتۆ و تەنیا بۆ چاولێکەری وڵات بەجێ هێشتن، دەگاتە ئەنجامی ناحەز و بنەماڵەکان لە ناوخۆی کوردستان دەبێ لەو ئەنجامانە ئاگاداربن. ئەرکی ئەم وتارەش ڕووناکی خستنەسەر ئەو کێشەیەیە و هیچی تر، هیوایە هەر بەو چەشنەش وەربگیرێت.

**پ- هۆکاری لاوەکی:** بە تەنیشت هۆکارە ناوخۆییەکانەوە دەبێ دەستنیشانی هەندێك هۆکاری لاوەکی بکەین کە شوێنیان داناوەتە سەر ڕەوتی نالەباری کاروباری پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا. یەک لەوانە دەبێ سیاسەتی گشتیی حکومەتی بریتانیا بێت.

بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر، وڵاتە ئەورووپییەکان داواکاریی پەنابەریی کورد، بە تایبەت لە باشووری کوردستان دەدەنە دواوە لەسەر بنەمای ئەوەی کوردستان شوێنێکی "سەیف " واتە سەلامەتە، بەڵام بڕیاردەرانی ئەو سیاسەتە توانای ئەوەی نەبوو ئەو خەڵکەی وا کەیسەکەیان درابووە دواوە بنێرنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێک لە عیراقە و ئەو سەلامەتییەی ئەوان دەیانەوێست لە عیراقدا بەدی نەدەکرا. لە ئەنجامدا، هەزاران کوردی پەنابەر لە دۆخێکی نالەباردا مابوونەوە، واتە نە وەڵامیان بوو، کە مافی ئیشکردنی لەگەڵ بێت و بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن و نە دەشنێررانەوە وڵاتەکەیان. ئەوانەی لەو نێوانەدا مابوونەوە نزمترین ڕادەی ژیانیان بۆ دابین دەکرا و تەنیا بخۆ و مەمرەیان دەدرایە. لە ئەنجامدا زۆرێکیان ڕوویان دەکردە ئیشکردنی بێ ئیجازە و بەم شێوەیە، تێکەڵاوی کاروباری خراپ و موخالیفەکاری دەبوون.

نەبوونی خانووبەرەی بەرِێ و جێ و داهاتی پێویست، هەروەها ناشارەزایی سەبارەت بە یاسا و تێکەڵاونەبوون لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ، هەڵاواردن و جیاوازی لەسەر ئەساسی رەنگ و پێست، شوێنی نالەبار و ژینگەی نابەجێی ئیش وکار، هەروەها دۆست و برادەری خراپ و گەلێك شتی دیکەی لەو چەشنەش دەبێ وەك هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو تەنگژەیە سەیر بکرێن.

دۆزینەوەی چارە سەرێکی ئوسووڵی بۆ ئەو کێشە گرنگە، ئەرکی لێکۆڵینەرانی کۆمەڵناسە کە بە هاوکاری و یارمەتی حکوومەتی بریتانیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە هۆکارەکان بکۆڵنەوە و ڕێبازێکی مەعقوول بخەنە بەر پێی پەنابەرانی دادێ. بە بێ چارەسەرێکی ئەوتۆ، درەنگ و زوو کێشەکان دەتەقنەوە و ناوی کورد دەکەوێتە سەر لاسپەڕەی هەندێک ڕۆژنامەی وەک دەیلی مەیل کە بە شوێن بیانوویەکدا دەگەڕێن بۆ زڕاندنی ناوی بێگانە بە تایبەت پەنابەران لە بەریتانیا- گەرچی لەم ماوەیەی دواییدا لای کەم سێ جار ئەو شتە هاتوتە پێشەوە، بۆ نموونە هەواڵی دوو کوردی لایەنگری داعشیان بڵاو کردەوە کە ویستبوویان شوێنێکی گرنگی حکوومی لە لەندەن بتەقێننەوە!